# ڕێکەوتننامەی ئاسایشیی نێوان ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو عێراق

## خاڵە بەهێزو لاوازەکانی لەرووی یاسایی و واقیعییەوەو کاریگەرییە نەرێنی و ئەرێنییەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان

د. ئەنوەر ئەبوبەکر کەریم
سەرۆکی بەشی یاسای کۆلیژی یاساو رامیاری
زانکۆی سلێمانی
لە عەرەبییەوە: حسن حسێن

دوای سەیرکردن و خوێندنەوەی سەرجەم بەندو برگە پاکنووسکراوەکانی ڕێکەوتننامەکە، کە رۆژی ٢٠٠٨/١٠/١٧ لەلایەن هەردوو لاوە ، بەناوی " ڕێککەوتنامەی کشانەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراقدا"، واژۆیان کردووەو بیست و نۆ مادەی گرتۆتە خۆ، بەهۆی هەندێك دەستکاری کردنی بچووکەوە کە بەسەر رەشنوسەکەدا هاتبوو، لە هەندێك رۆژنامەداو "لەوانەش "الاتحاد" لەژمارەی ١٩٦٣ی رۆژی چواشەمە ٢٠٠٨/٩/٢٢ ، بلاّوکرایەوە. بەلاّم ناوەڕۆکەکەی هەروەکو خۆی مایەوە.

لەبەر تیشکی ناونیشانی وتارەکە سەرنجەکانم لەبارەی خاڵە بەهێزو لاوازەکانەوە دەبێت و، ناچمە سەر هەندێك لایەنی دیکە، لەو رووەوە کە وەستان لەسەرگرنگترینیان بەسوود ترە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سەرنجانە لەبنەڕەتەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە لە رۆژنامەی " الاتحاد" دا بلاّوکراوەتەوە، ئەو کاتەش کە پاکنووسەکە بلاّوبۆوە، هەستاین بە پیاچونەوەیەکی گشتی، بەجۆرێك کە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ماناو ناوەڕۆکی پاکنوسەکەدا بگونجێت، کە بەم دواییانە بلاّو بۆوە.

ڕێکەوتننامەکە بە زمانێکی دیبلۆماسیی نوسراوە کە لە زۆربەی دەستەواژەو دەربڕینەکانیدا چەندین ڕەهەندو ئەگەرو ئاماژەی جۆراوجۆری تێدایە، تا ئەوەی لەهەندێك دەربڕیندا گەیشتوەتە بەکارهێنانی دەستەواژەی تەکنیکی، کە تەنها پسپۆڕی سەربازیو یاساناسو کەسانی لەو جۆرە، لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی تێدەگەن. ئەمەش بۆئەوەی ناوەڕۆکەکەی لە هاوڵاتییان بشاردرێتەوە تا تێپەڕێت بەسەریاندا، ئەمەش تایبەتمەندیی هەموو ڕێکەوتنێکی نێوان بەهێزو لاوازە.

کاتێکیش یەکێك لە گەورە بیرمەندانی ئەمریکایی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وانەی دەگوتەوە، ئێمە ئەم کەلێنە گەورەیەمان نیشانداو ئەویش دانی بەمەدانا، پشتڕاستیشی کردەوە کە ئەو ڕێکەوتننامەیە لە کەشێکی تەمو مژاوییدا نوسراوە. کاتێکیش خۆم لە زانکۆی سلێمانی لەبارەی ئەو بابەتەوە پرسیارم لێیکرد، ئاوا وەڵامی دامەوە:" من پارێزەر نیم، بۆچی لەمن دەپرسن" وتیشی:" من سەرم سوڕدەمێنێت بۆچی سیاسییەکانی کورد کە لەبەغدان، ئەم باسەیان نەوروژاند"

پێویستیشە بە ڕوونی ئاماژە بەوە بدەین، کە خاڵی بەهێزو لاواز سەبارەت بە عێراقو خەڵکەکەی شتێکی ڕێژەییە. هەرچییەکی بەرژەوەندی باڵای عێراقی تیابێت ـ سەرباری تاڵییو مەترسییەکانی ـ بەخاڵی بەهێز دادەنرێت، هەرچییەکیشی بەرژەوەندی باڵای عێراق بەفیڕۆببات ـ سەرباری جوانییە ڕوکەشەکەیو ئەو جوانکارییەی بۆی ئەنجامدراوە ـ بە خاڵی لاواز دادەنرێت. چونکە لەم حاڵەتەدا ڕاقەی داگیرکەر بۆ ئەگەرەکە، دەیخوات، ئەمەش بەواقیعیو لەئاستی نێودەوڵەتیدا ئاشکرایە.

لەخاڵە لاوازەکانی دەقە عەرەبییەکە سەربەخۆ نەبوونی دەربڕینەکانیو پشت بەستنی تەواویەتی بە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی، لێرەوە بەڕوونی لاوازیی وەرگێڕانە عەرەبییەکە دەردەکەوێت کە هیچ دەستەواژەیەکی ڕەوانبێژیی تیانیە.

لێرەدا دەپرسین: بۆچی ڕێکەوتنەکە بەزمانی کوردیش نەنوسرا وەك چۆن بەعەرەبی نووسرا. داخۆ ئەمە پەراوێزخستنی دەقێکی دەستوری عێراق نییە، کە بڕیاریداوە هەموو بابەتێکی گرنگی وڵات وەکو یاساو هەرشتێکی دیکەی هاوشێوەی ئەو بەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبی بنوسرێت؟ ئەمەش پەراوێزخستنێکی دیکەی سیاسەتمەدارانی کوردەو بەڵگەیەکیشە لەسەر لاوازییان لەبەردەم

حکومەتی ناوەندییدا لەهەر مەسەلەیەکدا کە پەیوەندیی بە گەلەکەیانەوە هەبێت...! ئەمە وەك مەسەلەیەکی گشتی، لەخواریشەوە خاڵە لاوازو بەهێزەکان بە پێی بۆچونی خۆمان باس دەکەین:-

**یەکەم: لاوازییەکان:**

**بۆچی ڕێکەوتنەکە بەزمانی کوردیش نەنوسرا وەك چۆن بەعەربی نووسرا. داخۆ ئەمە پەراوێزخستنی دەقێکی دەستوری عێراق نییە، کە بڕیاریداوە هەموو بابەتێکی گرنگی وڵات وەکو یاساو هەرشتێکی دیکەی هاوشێوەی ئەو بەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبی بنوسرێت؟**

بەرلەوەی دەست بکەینە باسکردنیان، ڕەنگە کەسێك پرسیار بکات: ئەم هەموو کرژییەتان لەبەرانبەر ڕێکەوتننامەکەدا لەبەرچییە، لەکاتێکدا ڕێژەیەکی زۆری عەرەبی شۆڤێنی، پەنجە ڕائەوەشێنن‌و هەڕەشەی لەناوبردنی گەلی کورد دەکەن، لە کەناڵە ئاسمانییەکانیان‌و شوێنی ترەوە رایدەگەنن کە مانەوەی کوردو بوون‌و نەبوونی بە مانەوەی ئەمریکاوە بەندە، ئەمە سەرەڕای لێدوانەکانی هەموو رۆژەیان...، تەنانەت لەیەکێك لەکەناڵە ئاسمانیەکانیانەوە بڵاوکرایەوە- وەك ئامۆژگارییەك لەسەر زمانی بەرپرسێکی باڵای دەستەی زانایانی موسڵمانەوە - کەدەڵێت:( ئامۆژگاری براکوردەکان دەکەین کە چارەنووسی خۆیان بە بوونی ئەمریکاوە نەبەستنەوە، چونکە ئەوان دەڕۆن‌و ئێوەش بەتەنیاو بەدۆڕاویی جێ دەمێنن) هەروەها هەندێك بەرپرسی باڵای تورکیش لەم جۆرە ئامۆژگارییانەیان کرد، بۆ نمونە یەکێکیان ڕایگەیاند:( کورد بابزانن کە ئەمریکا تارۆژیی قیامەت لەم ناوچەیەدا نامێننەوە)

ئەمە مشتێکە لەخەرواری بابەتی میدیاکانیان‌و لەسەر زمانی سەرکردەکانیانەوە...

وەڵامی ئەم پرسیارەش: باوەڕی جێگیری ئێمە ئەوەیە، ڕاستی هەر سەردەکەوێت‌و ناهەقیش ڕۆدەچێت‌و هەر دەبێت لەناو بچێت، عێراقیش دەمێنێتەوەو کوردیش، بەکوێرایی چاوی دوژمنانی هەر دەمێنێت، ئەوەش کە ئەنجامان داوە بۆ خزمەت کردنی گەل‌و وڵاتمان بە عەرەب‌و کوردیەوە، نەك لەپێناو پارەو پول‌و نۆکەریدا بێت، وەك ئەوەی قین لەدڵ‌و بازرگانان دەرهەق بە وڵاتەکەیان ئەنجامی دەدەن‌و ئەوانەش کە کۆیلەی کورسی‌و پۆستەکانیانن، وەك لە ڕاگەیاندنەکانیان( خوێندراو،

بیستراوو بینراو) دا دەیبینین. بڕواشمان وایە برایەتی کوردو عەرەب وەك عێراق نەمرەو بەرزیشە وەك لوتکەی چیاکانی کوردستان، هاوبەشێتی راستەقینەی ئەم دوو برایەش لەم وڵاتەدا نەمرو زیندووە، ئەمەش لەبەرئەوەی بڕوامان بە خودای پەروەردگارەو پاشانیش بە پاڵپشتی دڵسۆزانی ئەم دوو گەلە رەسەنو برایە. ئەمەش زمانی گەلەکەمانو گشت دڵسۆزانە کە دەڵێت، ئەگەر ئەم دیسپلینانە تێکچوون ئەوا چارەنووسی عێراق لەتو پەت بوونو هەڵوەشانەوەیە، ئەگەر ئەمەش بە وەڵامی ئەو پرسیارە دانرا، باشتر دەتوانین خاڵە لاوازەکان دەربخەین:

١. بە پشت بەستن بەو دەقە رۆشنانەی رێکەوتننامەکە( مادەی نۆیەم) پێمان وایە کە: زەویو دەریاو ئاسمانی عێراق کراوەن بۆ ئەمانە:

أ ـ بنیاتنانی بنکەو دامەزراوەی سەربازیو هەواڵگرییو ئامادەیی کارای سەربازیی داگیرکەر.

ب ـ ئاسمانی عێراق هەموی ئاوەڵایە بۆ هێزی ئاسمانیو موشەکی.

ج ـ ئاو و رووبارەکانی عێراق بەبێ هیچ مەرجو سنوورێك لەژێر دەستی داگیرکەردان.

ئەمەش مەترسیدارترین خاڵەکانی ناو رێکەوتننامەکەن، ئیدی عێراق هیچ سەروەرییەکی بۆ نەماوەتەوە، چونکە هێزی بێگانەی داگیرکەر بەئارەزووی خۆیو بەبێ ئەوەی بپشکنرێتو لێی بپێچرێتەوە، بە وشکانیو ناو ئاوو ئاسمانی عێراقدا تەراتێن دەکات.

دەریش دەکەوێت: مەبەستی عێراق، وەك لایەنی قەبوڵکەر، لەم ملکەچییە: ئەوەیکە ئەویش( واتە عێراق ـ و.ك ـ) لەدوای رۆیشتنی داگیرکەر یا لەسایەیداو بە رێپێدانو یارمەتیدانی ئەو، بەزۆرداریو بەشێوەیەکی رەها لە وشکانیو دەریاو ئاسمانی عێراقدا چی بوێت ئەنجامی بدات، وەك ئەوەی بەندەکانی ئەم رێکەوتنە ئاماژە دەکات بۆ سەرکوت کردنی هەر ئۆپۆزسیۆنێك ئەگەر دروست بێتو دەڵێت:

أ ـ ( بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی گشت هەڕەشەیەکی ناوخۆییو دەرەکی بۆ سەر کۆماری عێراق، یا هەر بەشێکی)

ب ـ(توانا بەخشین بە عێراق بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسییانەی هەڕەشەن بۆ سەر... و یەکپارچەیی خاکەکەی).

ئەم دەربڕینەی دوایی رێك مەبەستی لە بەرپەرچدانەوەی خواستی کوردە بۆ کێشە رەواکەیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسیشەوە، چونکە کورد هەر داوایەکی لەو چەشنە بکات بە

داوایەکی جیاخوازیی‌و هەڕەشەیەك بۆ سەر یەکپارچەیی عێراق دادەنرێت، لەکاتێکدا حکومەتە عێراقییە یەك بەدوای یەکەکان لە ڕێکەوتنەکانیاندا، کاتی خۆی ئەوەیان سەپاندوە بەسەر لایەنی کورداکە: ئەم جۆرە دەربڕینە بەدەق‌و راگەیاندن‌و دەستوور جێگیربکەن. ئەمەش پێویستی بە رونکردنەوە نییە

خۆ ئەگەر کوردان لە دان‌و سانەکانی رابردوویاندا بەهۆی بارودۆخی تایبەتییانەوە پاساوێکیان هەبووبێت، ئەوا ئێستا جێگەی سەرسووڕمانە سەرکردەکانی کورد کە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا لە ئامادەکردنی ڕێکەوتننامەکەدا بەشدارن، چۆن گوێیان نەدا بەوەی ئێمە وا هەستی پێدەکەین لە تاڵی‌و توندی ڕێکەوتننامەکە لەسەر گەلەکەمان؟

تۆ بڵێیت سەرقاڵیی زۆریان بە ولاتەکەیان بێ ئاگای کردبن‌و گەیاندبنی بەو دۆخەی ئێستایان.!؟ پاشان دوای چاوەڕوانییەکی دورو درێژ لەلایەن هەر دوولاوە ڕێکەوتنەکە مۆر کرا، داخۆ بە پێی ئەم دوو بەندەو پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق، فڕۆکەکانی ئەمریکا بەرپەرچی فڕۆکەکانی تورکیاو ئێران دەدەنەوە کە ناو بە ناو بۆردومانی گوندەکانی کوردستان لەناو هەرێمدا دەکەن، یاخود ئەم هەرێمە بەشێك نییە لە خاکی عێراق‌و بەدەرە لەوەی لە ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە( مادەی بیست‌و حەوت/ بەناوی: بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی سەر ئاسایش) دەبا چاوڕێ بین‌و ئایندەش نزیکە...!!!

ئەوەش کە دروستیی ئەم سەرنجە پشتڕاست دەکاتەوە، بە کورتی باس لە ئامادەیی هێزی سەربازیی ئەمریکا، لە وشکانی‌و دەریاو ئاسمانیدا بە ئامێرو پێداویستیەکانییانەوە، کراوە بە بێ ئەوەی شوێن، چەك‌و تەقەمەنی‌و ئامێر، کەل‌و پەل‌و سەربازەکان دەست نیشان‌و دیاری بکرێن. ئەمەش مانای سەرپشك بونی رەهای لایەنی داگیرکەرە لە دەستنیشان کردن‌و دیاریکردندا، وەك پێشبینیمان کرد. ئەوەش کە پێی دەوترێت لیژنەی هاوبەش کە ، چەند جارێك لە ڕێکەوتنەکەدا باسی کراوە لە( جێبەجێکردن ـ م/ ٢٣، بڕ١، بڕ٢، بڕ ٣، بڕ٤)، ئەو مەسەلەیە دەستنیشان دەکات‌و دیاری دەکات، هیچ نییە جگەلە پەردەیەك بۆ داپۆشینی ئەو ئابڕوچوون‌و نەنگییانەی لە ڕێکەوتنەکەدایەو بۆ خۆڵ کردنە چاوە.

ئەگەر دەوڵەت خۆی ـ سەروەرییەکەی لەدەستی لایەنەکەی دیکەدا بێت ـ نەتوانێت ئەوەی لە ڕێکەوتنەکەی دەوێت، بیسەپێنێت، ئیدی لیژنەیەکی وەزارەت یا لاوەکی، کە دەسەڵاتو تواناییەکانی لەدەوڵەتەکەیەوە وەردەگرێت، چۆن بتوانێت.!؟

پاش تێپەڕینی چەند مانگێك بەسەر ئیمزاکردنەکەدا، نیشانەکانی تاکڕەوی ئەمریکا بە راڤەکردنو شیکردنەوەی مادەو بڕگەکانی ڕێکەوتنەکەوە دەرکەوت. ئەوەش لەدوای چەند ڕووداوێکی چەکداریی دێت کە وەکو بینیمان لەشاری کوت ڕوویاندا، تیایدا هێزەکانی ئەمریکا لە هەڵکوتانە سەر ماڵێکدا چەند هاوڵاتییەکی عێراقییان کوشت. ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی ناکۆکییەکی توند لەنێوان هەردوو لادا، لە چەند بەشێك لەو مشتومڕە توندەدا، وەك ئەوەی لە ماڵپەڕی ئاژانسی بی بی سی لە ڕۆژی ٢٦/٤/٢٠٠٩ دا بڵاو بۆوە، هاتووە:

( پاش ئەوەی سەربازانی ئەمریکایی هەڵیانکوتایە سەر ماڵێك لە باشووری عێراقو لە ئەنجامدا دوو کوژراوی لێکەوتەوەو ئەمەش مشتێکە لەخەروارێك، ناکۆکی کەوتە نێوان هەردوو حکومەتی عێراقو هێزەکانی ئەمریکاوە. نوری مالیکی سەرۆك وەزیری عێراق ڕایگەیاند، هێرشکردنەکە پێشێلکارییەکی ئەو ڕێکەوتنە ئەمنییەیەکە جڵەوی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراقدا دەکات. مالیکی ئەو ڕووداوەیشی بە تاوان ناوبردو داوای کرد ئەوانەی بەرپرسن لەو ئۆپەراسیۆنە بدرێنە دادگا. بەڵام هێزەکانی ئەمریکا وتیان: ئامانج لەو ئۆپەراسیۆنەی شاری کوت لە باشووری بەغدا، ژمارەیەك چەکداری شیعەی سەربە ئێران بوونو بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقدا ئەنجامدرا).

لەڕاستیدا مالیکی بە بوێریو جەسارەتەوە بەرگری لە گەلەکەی کرد، جا ئایا سەرکردەکانی کورد هەمان بوێریو جەسارەتیان هەیە کە بەرپەرچی هەر شتێك بدەنەوە توخنی تایبەتمەندێتییەکانی هەرێمو خاکەکەیو گەلەکەی بکەوێت، بەتایبەت لە کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکان. یاخود خۆ دەشێرنەوەو بەقسەی بریقەداری وەك: سەردەم سەردەمی دیالۆگو دیموکراسییە،کاتی خەباتی چەکداری بەسەرچوو، دەیبڕێننەوە!؟ داخۆ دیالۆگی گورگو مەڕ کارێکی ئەقڵانییە!؟؟

٢.گیانی ئەم سەردەمە وا دەخوازێت کە مرۆڤایەتی پتەوو بەهێزبکرێتو ڕێزی تەواو لە هەموو گەلانو نەتەوەکان بگیرێت، بوارنەدرێت کە هیچ پەلامارێك بەبێ سزا تێپەڕێت. بۆ نمونە

دەبیستین لە پاش چەندین سەدە دەوڵەتانو میللەتان داوای لێبوردن لە یەکتر دەکەن، وەك ئیتالیا لە لیبیاو میللەتانی تر، تورکیا لە ئەرمەنەکان، فەرەنسا لە جەزائیر، ئەڵمانیا لە جولەکەو هی تر. حکومەتەکان داوای لێبوردن لە گەلان دەکەن کە سوپاکانیان بەر لە دەیانو سەدان ساڵ ستەمیان لێکردون. بەڵام ئەم رێکەوتنەی ئێستا رێگە بە هێزەکانی ئەمریکا دەدات گشت توندو تیژییو کوشتارێكو وێرانکارییەکی دەرونی، کەلوپەلو ئازادیو باوەڕی سیاسیو هتد بنوێنن بە پاساوی بێ بنەما، بەبێ هیچ سزاو لێپێچینەوەیەك. خوا لەئەنیشتاین خۆش بێت کە وتویەتی:( ماف بۆ هێزە).

ئەوەش کە لە رێکەوتنەکەدا هەندێك خاڵ هاتووە وەك مادەی( دوانزەیەم، ویلایەتی دادوەریی)، لەبابەتی رێگەدان بە لێپێچینەوەی سەربازو ئەو کەسانەی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا کاردەکەن. بەندو مەرجدارە بە مەرجگەلێك کە شیاوی جێبەجێ کرن نینو بەدەگمەن بەدی دێن.

مانای ئەمەش: ملکەچیو سوکایەتی پێکردنی تەواو بە کەسایەتی عێراقی. چونکە دواجار مرۆڤی عێراقی،کورد بێت یا عەرەب یا هەرکەسێکی دیکە، دەبێتە ئامانج. ئەمەش لەو رووداوەی کوتدا دەرکەوت کە باسمان کرد.

ئەمەش پوختەو ناوەڕۆکی ئەوەیە کە لە مادەی( چوار، ئەرکو فرمانەکان)دا هاتووە، لەجیاتی ئەوەی هەردوولا بەدەربەست بن بۆ بڵاوکردنەوەی گیانی هاوکاریو لێك تێگەیشتن لە نێوان پێکهاتەکانی گەلی عیراق کە فرە رەنگو نەژادە. لەجیاتی ئەوەی گرەنتی بن بۆ بڵاوبوونەوەی دیموکراسیو ئازادی، دێن پیلان لەدژی هەر جوڵانەوەیەك یا داواکارییەکی میللی یا جەماوەریی دەگێڕن، کە خوازیاری لاچوونی ستەمو ژیانێکی بەختەوەربێت. هەر دوولایەنیش بەڵێن دەدەن: کە بە پاساوی پاراستنی ئاسایشو سەقامگیرییو پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق هەموو جوڵەو دەنگێکی میللی رەوا کپ بکەن.

راستە وتویانە:( مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە) ئەی هەرچی سەرکوتێك کە بەسەر گەلی عێراقی بریندارادا هات لە ژێر ئەم چەترە دزێوەدا نەبوو، ئەی نەیانگووت:( هاوڵاتییەکی چاکی نەخوێندەوار باشترە لە هاوڵاتییەکی رۆشنبیری تێکدەر؟) مەگەر سەرجەم شۆڕشو بزاڤو رابوونێکی گەلی کوردی ستەمدیدەیان بە یاخیبوونو کرێگرتەییو لەتکردنی عێراقو جیاخوازیی، ناو نەبرد؟ هەتا ئێستاش گروپی کورد لە هەندێك ناوچەی دابڕاوی کوردستان لەعێراقدا، دەچەوسێنرێنەوەو سەرکوت دەکرێن. ئەوەتا سەردەمی ئاژاوەگێڕیی لەموسڵ سەریهەڵدا. لیستی کوردی کە بەتەنها

لەکۆی سیو یەك کورسی دوانزە کورسی بەدەستهێنا، لەلایەن شۆڤێنییەکانەوە پشت گوێخران، شۆڤێنییەکان داوای دەرکردنی پێشمەرگە دەکەن لە موسڵ. هەرچی ستەمێکی تریش کە لە شوێنەکانی دیکەی کوردستانی دابەشکراودا بەڕێوە دەچێت، زەقەو هیچ کەس لە باسکردنی شەرم نایگرێت. پاشان لە کاتی خۆیدا پەیمانی بەغدا دژی گەلی عێراق، بەتایبەت بۆ سەرکوتکردنی هەر جولانەوەیەکی ئازادیخوازانەی کورد، مۆر نەکرا...!؟ ئایا ئەم ڕێکەوتنەی ئێستاش چاپی تازە وکۆپییەکی پەیمانی بەغدا نییە.

بەڵگەنامەی بریتاکەری زۆرمان لەبەردەستدان، کە پڕن لە جنێودان بەگەلی کوردو شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی، تا گەیشتە ئەو رادەیەی کە هەندێك کەناڵی ئاسمانی عەرەبی ئەمڕۆ دەڵێن:( کورد بوونەتە خەنجەرێکی ژەهراوی لە پشتی عەرەبدا). هیوادارین مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوەو جارێکی دیکە ـ لەسایەی ئەم ڕێکەوتنەدا ـ شاخو دۆڵەکانی کوردستان بە فڕۆکەی ئەمریکای هاوپەیمان بۆردومان نەکرێت، وەك لەسەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیك مەحموددا، لەلایەن فڕۆکەکانی بەریتانیاوە بۆردومان کران. لە کاتێکدا هەر ئەو دەوڵەتە خۆیشی شێخ مەحمودی بەمەلیکی بەشێکی فراوانی کوردستانی عێراق دانا. بەڵام پاش ئەوەی دەوڵەتی عێراق ملی بۆ کەچ کردنو داواکارییە ئیمپریالیستییەکانیانی بەجێهێنا، یەکسەر دەستبەرداری مەلیك مەحمود بوونو لە پاڵ سوپای عێراقدا کەوتنە شەڕکردن لەدژی..!

ئەمە راستییەکی بە ئازارە کە لەیادەوەری گەلی کورددا ماوەتەوەو هێندەی ئازاری بۆردومانی کیمیایی، ئازاری دەدات.

جا سەرکردە کوردەکان! ئامان وریا بن وریا. ئاخر دوێنێ زۆر لەمڕۆ دەچێت.!

کاتێك دەقی مادەی چوار لە ڕێکەوتنەکە دەخوێنینەوە، وا دەزانین بە پێنوسی:( کاسەلێسەکانی چەوسێنەرانی پێشووی گەلی عێراق بە کوردو عەرەبییەوە) نوسراوە. تیایدا ئاوا هاتووە:

( بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی گشت هەڕەشەیەکی ناوخۆییو دەرەکی دژی کۆماری عێراقو هەر بەشێکی، بۆ پتەوکردنی ئەو کۆمکارییەی هەوڵ دەدات بۆ شکستپێهێنانی ڕێکخستنی قاعیدە لەعێراقو گروپە لەیاسادەرچووەکانی دیکە، هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر ئەمەی خوارەوە، لەویشەوە:

( حکومـەتی عێـراق داوای یارمـەتی کـاتی لـە هێزەکـانی وڵاتـە یـەکگرتووەکان دەکـات، بەمەبەسـتی پـشتیوانیکردنی عێـراق لـە هەوڵـەکانی لـەپێناو پاراسـتنی ئـارامیو ئاسـایش لـە عێراقدا…)

ئەمەش دەقێکی ئاشکرای نێوان هەردوو لایە، بۆ سـەرکوتکردنی هـەر داوایـەکی میللـی بـۆ بەدەستهێنانی مافوئازادییەکانیان، کاتێك لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە پێشێل دەکرێن، وەك لـە خانەقیو قەرەتەپـەو دەورو بـەریان روویـدا. حکومـەتی ناوەنـدی بـە هاوئاهـەنگی تـەواوی سـوپای ئەمریکا پێشمەرگەو هێزەکـانی کوردیـان لـەو ناوچـانە دەرکـردو ئـەو ناوچانەیان پـێ چـۆڵ کـردن. شەقامی کوردییش لەم رەفتارە رەشبین بوونو لەو بۆچوونەوە کـە ئەمـە هێـشتا سـەرەتاکەیەتی بـە تاریکی شەویان زانی کە سەر لەئێوارە دیارە( ئەوەی ناوناخیان زۆر زیـاترە لـەوەی بەزاریانـدا دێـت) ئەمە لەکاتێکدایە هێشتا ئەو رێکەوتنە جێبەجێ نەکرابوو، وای لەو رۆژەی کەجێبەجی دەکرێت، دەبێت چۆن بێت …! دەترسـم ئـەو هاوئاهەنگییـە نەگریـسەی لـە خانـەقین روویـدا ـ دووربا ـ لە کەرکوکیش رووبدات.

٣. تێپەڕاندنی مانەوەی هێزەکانی ئـەمریکا، بـێ ئەوپـەڕ لـەنێو دووتـوێی دەربـڕینو رسـتەی لاسـتیکیدا شـاراوەتەوە. لایـەنی بـەهێز کـە ئەمریکایـە، بڕیـاری مانـەوەو نەمانـەوەی هێزەکـانی بەدەستەوەیە، وەك ئەو دەربڕینـەی کـە لەتێپەڕاندنەکـەدا هـاتووە( کـشانەوەی هێزەکـانی ئـەمریکا سپێردراوە بە ویستی لایەنێك یا هەردوولا). دەشزانین کە هێزەکانی ئەمریکا کراوە بـەدوو بەشـەوە: شەڕکەرو راوێژکار. رێکەوتنەکە تایبەتە بە شـەڕکەرەکانو مـاوەی مانـەوەی هێـزە راوێژکارییـەکان دیاری نەکراوە. نمونەی ئەمەش لە زۆربەی رێکەوتنەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هەیە، وەك ژاپـۆن، عەرەبستانی سەعودی، کۆماری تورکیا، کوەیتو وڵاتـانی کەنـداو، کـە تـا ئێـستا نەکـشاونەتەوە. هەندێك قـسەش لەسـەر زاری سـەرکردەکانی هـەردوولاو ئاژانـسی هـەواڵی بـاوەڕپێکراوەوە دزەیـان کردووە: ئەوەش راستییەکەیە، دوای کشانەوە لە سـاڵی ٢٠١١ ، هێزێکـی ئـەمریکایی کەلـە پـەنجا هەزارکـەس پێـك دێـن دەمێننـەوە. ئەمـەش باشـترین بەڵگەیـە بـۆ بۆچـوونەکەمان، قـسە شـتێكو رەفتاریش شتێکی تر.

بـۆ نمونـە لەزۆربـەی ئـەو رێکەوتنـە سـەربازییانەی لەگـەڵ ئـەو دەوڵەتانـەدا ئەنجامـدراون، بـۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی پەرلەمانو حکومەتەکان پێویستە بەشێوەیەکی روکەشیی بـە دەسـتووردا

تێپەڕێت، هەربەرچاوو گوێی خەڵکەوە ئەم نمایشە سازکرا: پەرلەمانی تورکیا لەشەڕی کەنداودا رازی نەبوو بەوەی ئەمریکا بنکەکانی ناو تورکیای بەکاربهێنێت.!

٤. لەوەدەچێت لەهەموو بەندەکاندا بەروونی مەبەستی راستەقینەی ئەمریکا لەو رێکەوتنە دەرنەخرابێت، ئەمەش نیشانەیەکە لە پەنادانی نیازگەلێکی خراپ کە ئاشکرا نەکراون، لەراستیدا ئەمە رێکەوتن نییە، ئەمە چاوبەستەیە.

ئەو راستییە تاڵەش ئەوەیە: ئەمریکاییەکان عێراقیان بەپێی پلانێکی بۆ داڕێژراوو لەبەر بەرژەوەندی خۆیان داگیرکرد، نەك لە رقی دیکتاتۆرییەتو چاوی رەشی عێراقیەکان. بەڵگەش لەسەر ئەمە: بەرەبەیانی رۆژی هەینی ٢٠٠٩/١٢/١٨ هێزێکی ئێرانی بە پشتیوانی تانکەکانی، بیرە نەوتی (فەکە)ی لە رۆژهەڵاتی شاری عەمارە لەناو سنووری عێراقدا داگیرکرد. ئەمەش کاردانەوەی توندو توڕەییەکی میللی بەرفراوانی لێکەوتەوە.لەبەرامبەردا لەجیاتی ئەوەی ئەمریکا بەپێی رێکەوتنەکە هەڵوێستی هەبێت بۆ کۆتایی هێنان بەو داگیرکارییە، بەرپرسێکی ئیدارەی ئەمریکا رایگەیاند، چوونی هێزەکانی ئێران بۆ سەر بیرە نەوتی فەکە، مەسەلەیەکە پەیوەندی بە عێراقییەکان خۆیانەوە هەیە.

٥. لە خاڵە لاوازەکانی دیکەی زیان گەیاندنییەتی بە پێکهاتەیەکی گەلی عێراق، ئەوانیش کوردو کوردستانییانو هەرێمەکەیانە، کە سەراپای باکووری عێراق دەکەنە هەرێمێكو نزیکەی یەك لەسەر پێنجی دانیشتوانی عێراق پێك دەهێنن، بەڵام کاتێك مەسەلەکە پەیوەندی بە لایەنی ئەمریکاوە هەبێت، جا تاکە کەس بن یا کۆمەڵ ، مەدەنی بن یا سەربازو تەنانەت ئەو عێراقییانەش کە گرێبەستیان لەگەڵیاندا هەیە، ئەوا مافەکانیان پارێزراوەو حەسانەیان بۆ دابین کراوەو دەست بۆ بردنیان ئاکامی کارەساتباری لێدەکەوێتەوە. جا داخۆ هەرێمێك، کە بەلای کەمەوە سێ شاری گرتۆتە خۆو کوردانی پارێزگەکانی دیکەی عێراقیان لەگەڵدایەو زیاتر لە پێنج یەکی خاكو دانیشتوانی عێراق دەبن، یەکسان نین بە تاقە عێراقییەك کە لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا کاردەکات؟! خوا لەو کەسە خۆش بێت کە وتویەتی:

کوشتنی کەسێك لە جەنگەڵدا تاوانێکە خۆش بوونی نییە

کوشتنی گەلێکی بێوەی مەسەلەیەکە لێی دەکۆڵرێتەوە...!

قتل امرئٍ فی غابە جریمە لا تغتفر    وقتل شعبٍ أمن مسألە فیها نظر...!

٦. هەردوو لایەنی ڕێکەوتنەکە بایەخیان بە رازی کردنی دۆستەکانیان لە ناوچەکەدا داوە، تەنانەت ئەگەر لایەنێکی بیانیش بێت، وەك ئەوەی لە دەقی بڕگەی(٣)ی مادەی(٢٧)دا هاتووە:( نابێت خاكو ئاوو ئاسمانی عێراق وەك شوێنێك بۆ پەڕینەوە یا وەك بنکەیەك بەکار بهێنرێت بۆ هێرش کردنە سەر ولاتانی دیکە) ئەمەش جێبەجێکردنی داوایەکی عێراقە، بۆ دڵنیا کردنەوەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە لەهەر مەترسییەك لەلایەن عێراقەوە بکرێتە سەریان، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی کە لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا ئیدۆلۆژییەکی هاوبەشیان هەیە. لەکاتێکدا گەلی کورد کە پێکهاتەیەکی سەرەکی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵە، لەو ڕێکەوتنەدا تەنانەت تۆزقاڵێکیش دڵنیایی پێنەدراوە. ئەمەش بۆ ئەوەی لە پێگەی کەم بکەنەوەو ناکۆك نەبێت لەگەڵ هەندێك بڕگەدا کە بەشێوەیەکی ناوەکی دژبە هیوا رەواکانی گەلی کوردە. بگرە ئەو ڕێکەوتنە بەتاڵە لەهەر شتێك کە گرنگ بێت بۆ گەلی کورد. لەم لایەنەوە زۆر دواکەوتووترە لەو ڕێکەوتنانەی کە پێش ئەو کەوتوونو بەریتانیا لەسەردەمی پاشایەتیدا سەرپەرشتی کردوون، لە هەندێك لەو ڕێکەوتنانەدا دەقگەلێك دیاریکران بۆ بەخشینی تەواوی مافە نەتەوەییەکان بە گەلی کوردو دەست نەبردن بۆ قەوارەکەیان.

٧. مادەی سێیەمو مادەکانی دیکە هەندێك بەندو دەربڕینیان گرتووەتەخۆ کە وایدەگەیەنن هێزی سەربازیی ئەمریکاو گروپە مەدەنییەکانیان، بەگوێرەی ئەم ڕێکەوتنە، لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکە سەربازییەکانیان، پابەند دەبن بە ڕێزگرتنی یاساو دابو نەریتو خووی عێراقیەکان. ئەمەش جۆرێکە لەئارایشتو پەردەپۆشکردنی راستییەکانو زۆر لەخۆکردنێکی جاڕسکەرە. ئاخر تۆ بڵێیت خولی رۆشنبیرکردنیان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی فێری دابو نەریتو یاسای عێراقییەکانیان بکەن. ئاشکرایە کاتێك سەربازێك دەچێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکە سەربازییەکەی بەتایبەت بۆ شەڕکردن، تەنها بارگاوییە بەگیانی جەنگاوەریی، ناتوانێت پابەند بێت بەوەی لەرووی یاساییەوە بەسەریدا سەپێنراوە. چونکە ئەمە دەبێتە داخوازییەکی جارسکەر. شیاوی باسە هێزەکانی بەریتانیا خەڵکی بەسرەیان ئاگادارکرد کە منداڵەکانیان یاری ئاگربازیو چەکی منداڵانە هەڵنەگرن، چونکە سەربازەکان لێیان تێکدەچێتو بە چەکی راستەقینەی دەزانن، لەبەرئەوەی سەربازیش ئەگەر هەر شتێکی گوماناوی ببینێت کەرەنگە مەترسی بۆ دروست بکات. ئەوا بەرگری لەخۆی دەکاتو دەست دەکاتە تەقەکردنو گوێ بەئەنجامەکەیشی نادات. هەر لەئەنجامی ئەمەشدا لە جەژنی قوربانی ٢٠٠٨/١٢/١١ دا منالێك لەبەسرە کوژرا چونکە دەمانچەیەکی منداڵانەی پێبوو. هەروەها بە

گوێرەی رۆژنامـەکانی نـاوخۆ لـە رۆژی ٢٠٠٩/١٢/٣ لـە ئـەنجامی هێرشـێکی هێزێکـی هاوبەشـی سوپای ئەمریکاو سوپای عێراق بۆ سەر ماڵێك لە کـەلار، ئەنـدامێکی یـەکێتی نیـشتمانی کـوژراو ئەندامێکی دیکەشیان بریندار بوو بەبیانووی گومانی تیرۆریستیی. هەربۆیە ئەم مادانە هەر بە خۆڵ کردنە چاو دائەنرێت. بۆیە کەس بەوە فریو ناخوات کە هەندێك نمونە پف دەدرێت کاتێك سەربازێکی ئەمریکی دەدرێتە دادگا، چونکە ئەمە هەر بۆ ژاوەژاوی سیاسییەو هیچی دیکە.

٨. مێشکێکی ساغو تێڕوانینێکی راست دان بەوەدا دەنێن کە ئەوە بەرژەوەندی ئەمریکایە کە رێکەوتنەکەی سەپاندووە. ئاخر ئەگەر بەرژەوەندی خۆیان نەبوایە هیچ هۆکارێکی یاسـایی، سیاسـی یا مرۆییان پێنەبوو بۆ ئەوەی بچنە ژێر باری ئەم داواکاریو قوربانیدانانەوە. تەنانەت دیاری کردنـی ماوەی کشانەوە بە سێ ساڵ، وەك ئەوەی لە مادەی(٣١)دا هاتووە چاوبەستەو تاکتیکێکـە بـۆ ئـەم قۆناغە، چونکە ئەولایەنەی رێکەوتنەکەی بەسەر عێراقدا سەپاند، هەرکاتێك بیەوێت پێویـستی بـە درێژکردنەوەی رێکەوتنەکە نییە. بێگومان ئەمەش لەبەرخاتری عێراقییەکان نییە. کەوایـە دەکرێـت بڵێین مەبەستە سەرەکییەکە لە بڕگەی شەشـدایە کـە روونمـان کـردەوە. بـە بۆچـوونی ئێمـە مێـژووی راستەقینەی کشانەوە ئەم بڕگەیە دیاری دەکات نەك ئـەوەی لـە بەنـدەکانی رێکەوتنەکـەدا هـاتوون. پاشان خۆدەرخستن بەوەی رێکەوتنەکە هیچ بەندێکی نهێنی تیانییـە، ناکۆکـە لەگـەڵ دەقـی مـادەی بیستو نۆ کە ئاماژە دەکات بەوەی ( هەردوو لا بۆیان هەیە رێکەوتنی دیکە ئەنجام بدەن بۆ دانـانی میکانیزمگـەلێك بـۆ جێبـەجێ کردنـی بەنـدەکانی ئـەم رێکەوتنـە) ئەمـەش بـە ئاشـکرا دەڵێـت ئەمریکاییەکانو لایەنی عێراقی بەڵگەی ئامادەیان پێیـە بـۆ بیانوهێنانـەوە بـۆ مانـەوەیان ، تائـەو کاتەی خۆیان دەیانەوێت.

٩. راستی لە ژاڵە تاڵترە، چونکە لەجیاتی ئـەو بایەخـەی حکومـەتی عێـراق بـۆ رازی کردنـی هەنـدێك لایـەنی ئۆپۆزسـیۆن دەیـدات، کـە تـەنها خـەمیان دەسـتکەوتو قـازانجو ئاژاوەنانـەوەو دووبەرەکییەو بەفیتی دەوڵەتانی ناوچەکەو بێگانە هەڵدەسوڕێن، بەداخەوە نمونەی ئەم مەترسییانەش لە کوردستان دەبینین، باشتر وابـوو حکومـەتی عێـراق گرنگـی بدایـە بـە بەرژەوەنـدی راسـتەقینەی عێراقییەکانو عێراق نەك دڵ ڕازی کردنی ئۆپۆزسـیۆنێکی دەسـتکرد. هەرچییەك دەگوزەرێـت لـەو بایەخە زۆرەی بە وادەی کشانەوەو هەندێك مەسەلەی لاوەکی دیکە دەدرێتو خـۆ پێـوە هـەڵنانیان، هیچ سوودی نییە. باشتر وابوو عێراق لە مـۆرکردنی رێکەوتنـدا وانـەو پەنـدێك لـە بـارودۆخی ئـەو

ولاَتانه فێربێت که هاوشێوەی عێراقن، بۆ نمونه عێراق لەگەڵ ئەمریکادا ڕێکەوتنێکی ئـەنجام بدایـە کە بەو پێیە، بۆ نمونە، بنکەیەکی سـەربازی بـەکرێ بدایـە بـە ئەمریکاییـەکان تەنانـەت ئەگـەر بـۆ ماوەیەکی درێژبێت. وەك بنکەی ئینچەرلیك لە تورکیا، بنکـەی(زەهـران) لـە سـعودییەو بنکـەی ( ئۆکینـاوا) لـە ژاپـۆن. چـونکە ئـەو ولاَتانـە و ولاَتـانی تـریش بـە تـەواوی سـەربەخۆنو ڕێکـەوتنی درێژخایەنیان لەگەڵ ئەمریکادا هەیە.

١٠. مادەی نۆیەم‌و پێـنج بڕگەکەیـشی دیـسانەوە راستییەکی تاڵیـان تێدایـە. چـونکە مـاف دەداتە ئەمریکاییەکان تا ویژدانی خەڵك‌و تاقمی بـەکرێگیراو لـە نێوخـەڵکی عێراقـدا بکـڕن‌و نـاوی ( خزمەتگوزاری چالاکییەکانی پشتگیریی) لیّ بنێن. کەسێکی ئاگادار لەو ڕێکەوتنە تێبـینی ئـەوە دەکـات ئـەوان، واتـە ئەمریکاییـەکان، هەنـدێك نـاو چەواشـە دەکـەن، ئەمـەش بـۆ جـوان کـردن‌و شاردنەوەی دزێویی ناوە راستەقینەکەی، هەر وەك لەم مادەیەدایە. هەر کەسێك کەمترین شـارەزایی لە دیوی ناوەوەی شتەکاندا هەبێت، ئەمەی لیّ ون نابێت، ئەمە شتێکی دیارەو پێویستیی بە لێدوان نییە. بۆ نمونە هێزەکانی ئەمریکا دەتوانن سیخوڕو بەکرێگیراویان هەبێت، ئامێری سیخوڕیی کردن‌و چاودێریکردن یاگوێ هەڵخستن بـەناوی جۆراوجـۆرەوە دامـەزرێنن کـە لەمادەکـەدا ناویـان هـاتووەو تێبینی مەبەستی راستەقینەی ئەم ناو و دەستەواژانەی تیادەکرێت:

(هێزەکانی ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یا ئەوانەی لە جیاتی ئەو هێزانەن دەتوانن: هەندێك ئەرك ئەنجام بدەن‌و چالاکی‌و قەوارەی جۆراوجۆر لەنێو دامـەزراوەو ئەو شوێنانەی لەسەری ڕێکەوتون، بەڕێوەبەرن کە دەکرێت بـە هۆیانـەوە خزمـەتگوزاری پێـشکەش بـە کەسـانی نێـو هێزەکـان، کەسـە مەدەنییەکان، ئەوانەی بەگرێبەست کاردەکەن‌و ئەوانەیشی ئەو کەسانە هەڵدەسوڕێنن)، ئـەوەش کـە لەمادەی دەیەمدا هاتووەو دەڵێت(... ڕێ‌و شـوێنەکانی گرێبەسـت کـردن لەگـەڵ ئـەو عێراقییانـەی بابەت‌و خزموتگوزاری دەهێنن...) ئەوە مادەیەی نۆیەم پشتڕاست دەکاتەوە.

١١. لە گاڵتەجاڕییەکانی ڕێکەوتنەکە، پاسی دراوو گۆڕینەوەی پارەی بیانیی کـراوە( مـادەی بیست بڕ٢) کە دەڵێت: هێزەکـانی ئـەمریکا دراوی عێراقـی لـە عێـراق نانێرێتـە دەرەوە...) ئێمـە دەپرسین ئایا دراوی عێراقی دراوێکی قورسە( عملە صعبە) تا لە بانکەکانی جیهاندا برەوی هەبێت‌و هێزەکانی ئەمریکاو ئەندامانی ببەنە دەرەوەی عێراق. باشە گریمان بردیانە دەرەوە، چی پێدەکـەن‌و چی پێدەکڕن؟ جا ئایا عێـراق، بـۆ نمونـە، بـە دراوەکـەی خـۆی دەتوانێـت قەڵـەمی ڕەسـاس‌و دەرزی

پەراوگە لە ولاَتانی دەرو دراوسێ بکرێت، تا یەکێکی دیکە بیکات. باشتر وابوو ئەو عێراقییەی لە وتووێژەکەدا ئامادەبووە ئەم برگەیەی ئاوا لێبکردایە( هێزەکانی ئەمریکاو ئەندامانیو هاوکارەکانیان دراوی قورسو زێرو ئاسەوارو پارچەی گرانبەها لەعێراقدا نابەنە دەرەوە)

رەنگە کەسێك بپرسێت، ئەگەر ئەمە باری رێکەوتنەکە بێت، ئەم هەموو خالَە لاوازو زیانبارەیشی بەتایبەت بۆ گەلی کورد تێدایە، ئەی بۆچی سیاسییەکانی کورد قرو قەپیان لێکرد، ئایا هەستیان بەمە نەکرد؟! یا هۆکارەکەی ئەوەیە:

أ. رانەگەیاندنی لایەنە خراپەکانی رێکەوتنەکە لەلایەن ئەوانەوە، بەرتیلێکە بۆ رادەست بوونیان کەلەسەر حیسابی گەلی کورد ئەنجام دەدرێتو بۆ رازی کردنی ئاغایانی ئەمریکاو شەریکەکانیانە. لێرەدا پرسیارێك لەو بەرێزانە دەکەین: هەریەکە لە سەرۆك کۆمار، جێگری سەرەك وەزیران، جێگری سەرۆکی پەرلەمانو وەزیری دەرەوەو هی دیکەیان کە بەشدارە لە وەزارەتە بالاَکانی برپرە پشتی حکومەتی عێراقیدا: ئایا لەدانانی رێکەوتنەکەدا بەشدارییان پێکرا یا نا؟ هەمان پرسیار ئاراستەی کوردە بەرێزەکانی نێو ئەنجومەنی نیشتمانی دەکەین ، ئایا چییان کرد، ئەی چۆن رازی بوون لەسەر رێکەوتنەکە، ئایا ئیمزاکردنیان لەسەر رێکەوتنەکە لە نەزانییەوە بوو یا لە زانینەوە یاخود بە مەبەستێکی تایبەتو پشت پەردەی هەبوو!؟ ئێمە تەحەدایان دەکەین ئەگەربتوانن بە بەلَگەیەکی لۆژیکی ئەو تۆمەتانە رەت بکەنەوە یا لایەنی کەم خێرو بەرکەتو لایەنە باشەکانی ئەو رێکەوتنە بۆگەلی کورد روون بکەنەوە، بۆئەوەی گوتەکەی خوالێخۆشبوو (رەسافی) یان بەسەردا نەچەسپێت کاتێك بە شا(غازی) ی لە حکومەتی پاشایەتی گوتبوو:

پاشاو دەستوورو ئەنجومەنی گەل    هەموو لە مانای راستەقینە لایانداوە

ملكٌ ودستور ومجلس أمةٍ    كل عن المعنى الصحيح محرَّفُ

خودا پەرلەمان لەو گوتەیەی رەسافی بپارێزێت...!

ب. باس نەکردن لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر شەقانی کوردی لەلایەن رۆژنامەکانو میدیای کوردییەوە بۆ رازی کردنی سەرکردەکانیان ئەوانەی کە دواجار بەدەست بەتالَی نەبێت نایەنەوە، دەنا ئەو هەموو نەنگیو خەوشەی تێدانەدەبوو کە وەك رۆژی روون وایەو لەکەس ناشاردرێتەوە، ئەمەش بەلَگەیەکی دیارە کە رۆژنامەو میدیای کوردی بەتایبەت بەشە عەرەبییەکانیان پاشکۆن، خۆیانو پاشکۆکانیشیان لە ئاسمانو گەلی کوردیش لە رێسمان.

ئەوەش کە لەلایەن میدیای عەرەبی‌وکوردییەوە شایی‌و لۆغانی بۆدەکرێت، قسەی پوچ‌و بێ ناوەرۆکە. ڕۆژگاریش ئەم پێشبینییەمان دەسەلمێنێت، ئەوانەش کەکەمتەرخەم بوون، بەهۆی لەدەستدانی ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەوە کە گەلەکەیان پێی سپاردن، دەکەونە بەر لۆمەو سزای دڵسۆزانی کورد، چونکە شایستەی ئەوەن.

ئەزموونەکان سەلماندیان : کە کورد بەرگەی سەختی‌و نارەحەتی زۆر دەگرن‌و لە شەڕدا شێری مەیدانن‌و پشوو درێژن، بەڵام بەداخەوە بەرگەی دەسەڵاتی پارەو سامان‌و زرەی زێڕ ناگرن‌و زۆر بەئاسانی خۆیانی بۆ بەدەستەوەدەدەن... باشترین بەڵگەش، ئەوەی کە دەیانبینین لە باڵەخانەی گەورە، کۆشکی بڵندو رازاوە، ئۆتۆمبیلی گرانبەهاو دوامۆدیل، باخ‌وکێڵگەی فراوان، گەنجی قارونیی‌و پارەی نێو بانکەکانی جیهان، هەموو ئەوانە نرخی بێدەنگ بوون‌و دەستبەرداربوونیانە لە مافەکانی گەلە ستەمدیدەکەیان‌و دزینی پارووە نانەکەیان. بۆیە لە خودا دەپاڕێینەوە کە لەم دیاردەی دزییە بەربڵاوەدا، کەرکوک‌و ناوچەدابڕاوەکانمان بۆ بپارێزێت. شیاوی باسە کە ئێمە: ( چەندین جار بەرپرسان‌و پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی فیدراڵ‌و راگەیاندنکارەکانمان، لەنێویشیاندا سەرنووسەری رۆژنامەی یەکێتی نیشتمانی، لەو خەوش‌و نەنگییانەی رێکەوتنەکە ئاگادارکردۆتەوە. بەڵام ئەوان لەبەر بەرژەوەندی حزبایەتی‌و بازرگانێتی کردن بێدەنگییان بەلاوە باشتر بوو.

بە بۆچوونی ئێمەو لە روانگەی ئەو پەندەوە کەدەڵێت" ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە" بێدەنگی سیاسییەکانی کورد لەو رێکەوتنە باشترو جوانتر بوو لەو پشتگیریی کردنە کوێرانەیەیان.)

١٢. کورتەی خاڵە لاوازەکان: بڕوای تەواومان وایە کە: جێبەجێکردنی گشت ئەو شتانەی لەو رێکەوتنەدا هاتوون هەر لە دروستکردنی بینا، دامەزراوە، دانانی دەزگای پێشکەوتوو، دروست کردنی بنکەی سەربازیی قایم‌و قۆڵ‌و دیاری کردنی رووبەری ئەو کارانەوە تا ئەگات بەدروست کردنی لیژنەی جۆراوجۆر بۆ راپەڕاندنی سەرجەم ئەوانەی لە رێکەوتنەکەدا هاتوون‌و راڤەکردن‌و بەلاداخستنی(حسم) خاڵە جیاوازەکان: جێبەجێکردنی هەموو ئەوانە لەرووی واقیعییەوە مەحاڵە لەماوەی سێ ساڵدا جێ بەجێ بکرێت. هەرکەسێکی بە ویژدان ئاگای لە وردەکاریەکانی ئەو رێکەوتنە بێت هاوڕامان دەبێت. تاقیکردنەوەش چاکترین بەڵگەیە، لەو وڵاتانەی وەك ئێمەن دروست کردنی بنکە سەربازییەکان  دە ساڵ‌و بیست ساڵی خایاندووە، هەر بۆ بەراوردکردن‌و نمونە دەپرسین:

ئایا دەتوانرێت بینایەکی دە نهۆمی لەماوەی سێ ساڵدا دروست بکرێت، داخۆ کارکردن لەهەموو ئەو دامەزراوەو بنکانەی کە لە رێکەوتنەکەدا ئاماژەیان پێکراوە بە کەمتر لە بینایەکی سێ نهۆمی تەواو دەبێت؟ مێژوو گەواهیدەری راستی ئەو پێشبینییەمان دەبێتو ئێمەش شایەتی مێژوومان قەبوڵە...

ستبدي الايام ما كنت جاهلا و يأتيك الاخبار من لم تزود

رۆژگار دەریدەخات کە لێی بێ ئاگا بوویت هەواڵی ئەوانەش کە نەدەدراپێت

نیشانەکان بەتایبەت( لە گەورە بەرپرسانی عێراقو بەتایبەتیش مالیکی) ئاماژە بەوەدەکەن کە ستراتیژییەتی عەرەبی عێراق بەرەو ئەوە دەچێت کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ هێرش کردنە سەر کوردو لەدەرەفت دەگەڕێن، لە ئێستاشدا پێویستیان بەوەیە کە هێزە دەرەکییە خاوەن دەسەڵاتەکان بهێننە سەر ئەو باوەڕە، ئاشکراشە هێزە دەرەکییەکان لەم پیلانگێڕییەدا بەشدارییان لەگەڵدا دەکەن. بەڕاستی سیاسیی بەناوبانگ( کامەران قەرەداغی) جوانی شیکردەوە کاتێك بەم دواییانە ئەم بۆچوونەی ئاوا دەربڕی: لەساڵی یەکەمی دوای کشانەوەی ئەمریکا عێراق هەوڵی ئەوە دەدات سوپاکەی بەباشترین چەكو جبەخانەو ئامادەکردنی سەرباز ساز بکاتەوە، لەساڵی دووەمدا دەست دەدەنە تۆمەت هەڵبەستنو دەڵێن کوردچاوساغی ئەمریکانو ئەوان پەلیان گرتوون هێناویانن بۆ ناوچەکە. ئەمەش زەمینەکە سازدەکات بۆ ئەوەی هەڵکوتنە سەریان، لەساڵی سێیەمدا هێرش بۆ سەر کوردستان دەست پێدەکاتو کۆڕەوی دووەم بەرەو شوێنێکی نادیار دەست پێدەکات. سەرۆك کۆماریش لە یەکەمین کۆنگرەی رۆژنامەنووسیدا لەدوای جەژنی قوربان، ناڕاستەوخۆ ئاماژەیەکی دا بەو بۆچوونەی راوێژکارەکەی.

هەر لەم سۆنگەیەشەوەو بگرە گەورەترین بەڵگەش: گەورە بەرپرسانی کوردستان هەوڵ دەدەن جێ پێیەك بۆ خۆیان لەوڵاتانی پێشکەوتوو بکەنەوەو پەلەپروسکێیانە بۆ گواستنەوەی سەرمایە زەبەلاحەکانیان بۆ بانکەکانی جیهان.

دەکرێت پرسیاریش بکەین: ئایا کاروبارەکان، بۆ جێبەجێ کردنی رێکەوتنەکە، بەم سانایيو خێراییە چاوڕوانکراوە لە عێراقی نوێدا دەڕۆنە پێشەوە؟ هەموو ئەم کارە سەختو دژوارانە ئەنجام دەدرێنو سوودیان لێوەردەگیرێت، کە دەکرێت لەماوەی سێ ساڵدا تەواوبکرێن، وەك ئەوەی لە گاڵە گاڵی بێ پسانەوەی گەورە بەرپرسانی عێراقییەوە لەسەروو هەمووشیانەوە بەڕێز نوری مالیکی،

بەتایبەت لە تازەترین لێدوانیدا( لە نوسینی ئەم دێڕانەوە) گوێمان لێ بووە. باشترین بەڵگەش لەسەر ئەوە: لەماوەی زیاتر لە سێ ساڵ لەدوای دەرچوونی دەستور، هێشتا کێشەی کەرکوك بەپێی مـادەی دەستووریی ١٤٠ جێبەجێنەکراوە. ئەمەش مەسەلەیەکی ناوخۆیی نێوان براکانە، تەنانـەت نوێنـەری نەتەوە یەکگرتوەکان لەکاتی خۆیدا داوای کرد ماوەکەی تـازە نەکرێتـەوە، کـەوابوو ئایـا ڕێکـەوتنی نێوان دوو لایەنی بیـانیی کـە ئۆقیـانوسو کیـشوەریان لەنێوانداىـە پیرۆزتـر، بـالاّترو پێویـستترە لـە دەستوری عێراقو لەماوەی شەو ڕۆژێکدا جێبەجێ دەبێتو کۆتـایی دێت. ئەگـەر وایـە، ئـەی چـۆن هەندێك برگە ،بەگوێرەی دەسـتووری عێـراق، پێکـەوە گـرێ دەدرێـن، چـونکە ناگونجێـت یاسـایەکی خوارەوە دەسەڵاتی بەسەر یاسایەکی سەروو خۆیدا هەبێت. بۆ نمونە لە ئەرکەکان/ مادەی چـوارەمدا هـاتووە( سـەرجەم ئۆپەراسـیۆنەکان بـە بەلەبەرچـاوگرتنی ڕێزدانـانی تـەواو لـە دەسـتووری عێـراقو یاسـاکانی عێـراق ئـەنجام دەدرێـن، دەشـبێت جێبـەجێکردنی ئـەم ئۆپەراسـیۆنانە لەگـەڵ سـەروەریی عێراقو بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیدا، بەو جۆرەی کە حکومەتی عێراق دیاریکردووە، بێنەوە.

دووەم: خاڵە بەهێزەکان:

* خۆی ناوهێنانی ڕێکەوتن لە لایەنە بەهێزەکانییەتی، بەمەرجێك ناوی خۆی بەخۆیەوە بێت، نـەك وەك ئـەوەی پێشبینیمان کـرد. ئەمـەش لەبەرئـەوەی پێـی دەوترێـت( ڕێکـەوتنی کـشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق) یاخود بەگوێرەی دوایین دەستکاریکردن:( ڕێکەوتنی کـشانەوەی هێـزە بیانییەکان لە عێراق)

* لایەنە گشتییەکان: لە باشییەکانی ڕێکەوتنەکە ئەوەیە دەروازەکەیە بۆ دەربازبوون لە گشت ئەو گێروگرفتە ئاڵۆزو بێچارانەی کە لەهەموو لایەکەوە دەوری عێراقیان تەنیووە.

بۆ نمونە لە لایەنی ئاسایشەوە بۆشایی دروست نابێتو لەرووی شەڕی ناوخۆیشەوە ـ ئەمەش لە کاتی هەبوونی بۆشاییدا شتێکی حەتمییە ـ هەتا هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراقدا بـن شـەڕی نـاوخۆ روونادات، چونکە بوونی ئەو هێزانە ڕێگرە لە هەر هێزو کەسێك چاوی ببڕێتـە تـاکڕەویو زۆرداری کـردن لـە دەسـەڵاتو سـەرکوتکردنی هەرکەسـێك نەیـەوێت بەتـەواوی ملکـەچ بێـت بـۆی، وەك

لەسەردەمی رژێمی روخاودا هەبوو. باشترین گەواهیش ئەوەیە کە لە سەرەتاکەدا ئاماژەی پێکراوە لە هاوکاری کردنو هاو ئاهەنگی کردنی نێوان هەردوولا.

لەرووی ئابووریشەوە عێراق ساخلەمییەکەی بۆ دەگەڕێتەوەو گشت کۆتو بەندەکانی سەر رەسیدو قەرزەکانیو متمانە داراییەکەی لادەبرێن، بەتایبەت ئابووری عێراق لە کۆتی قورسی بەندی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتوەکان دەرباز دەکات، کە رێگە بە دەوڵەتی داگیرکەر دەدات لەجیاتی عێراق لەسەر گشت ئاستێك دەست وەر بداتەکاروباری دارایی. بەپێی ئەم بەندە گشت سامانی ناوخۆو دەرەوەی عێراقو کاروباری خەرج کردنو بەڕێوەبردنی، سپێردراوە بە ئەمریکاو ولاتە بیانیەکان، عێراقیش هیچ مافێکی نییە نارەزایی دەربڕێت. پاشان هەر بەتەواو بوونی وادەی رێکەوتنەکە ئەم سەروەرییە دراوییەش دەگەڕێتەوە. لەرووی پابەندبوون بە پاراستنی یەکپارچەیی عێراقو پاراستنی لە پارچە پارچە بوونو هەڵوەشانەوەوە. رزگارمان دەبێت لە بەلقان بوونو دابەش بوونی بۆ دەوڵەتۆکەی بێ هێز و لاواز کە نە پێگەیان هەیە نە قورسایی.

- دیاری کردنی ماوەی رێکەوتنەکە بە سێ ساڵ، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کەوەك عێراق بەم قۆناغانەدا تێپەڕیون ماوەیەکی کەمە. هەندێك لەو ولاتانە بە رێکەوتنی درێژخایەن، کە هەندێکیان زیاتر لەنیو سەدەی بەسەردا تێپەڕی، هەموو لایەنو ئاستەکانی ئازادییان گۆت کرا. ژاپۆنو ئەڵمانیا دوو نمونەی زیندوون.
- لەناواخنی هەندێك بڕگەدا هەندێك دەربڕین هەن کە باس لە سەروەرییو شایستەیی تەواوی عێراق دەکەن، یاخود باس لە مانەوەی کاتی دەکەن وەك ئەم نمونانە:( ... ئەوەی کە بەشێوەیەکی هاوبەشو وەك دوو هاوبەرژەوەندی خاوەن سەروەرییو سەربەخۆو هاوتا.../ سەرەتا یا دیباجە)(... بوونی کاتیی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا رێکدەخات..)(... کە لەگەڵ سەروەریی عێراقو بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیدا بێتەوە، بەو جۆرەی حکومەتی عێراق دیاریدەکات. ئەرکی هێزەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایشە رێز لە یاساکانی عێراق، دابو نەریتەکانیو یاسای نێو دەوڵەتی جێبەجێبوو بگرێت...) ( کەسانی نێو هێزە سەربازییەکانی ئەمریکاو کەسانی مەدەنی لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسە سەربازییەکانداو بە گوێرەی ئەم رێکەوتنە پابەند دەبن بە رێزگرتنی یاساو دابونەریتو خووی عێراقییەکان...)

- هەندێك دەربڕین‌و دەستەواژەی تیایە کە ئەگەر نیەتی باشی تێدا بێت، ئەگەری زۆرو جۆراوجۆری گرتۆتەخۆ کە دەکرێت بەپێی ویستی عێراق راڤە بکرێت.
- ئەمە بەگشتی ئەو خالانەن کە بۆ عێراق گرنگن. بەلام بۆ کێشەی کورد گرنگترین ئاکامەکانی درێژکردنەوەی ماوەی پشووی کوردو دواخستنی ئەو پیلانەیە کە لەلایەن عەرەبە شۆڤینییەکانەوە بۆیان دەچنرێت. چونکە کەشی هەنووکە ئاماژە بۆ راستییەك دەکات، ئەوەیش ئەوەیە کە ئەو خەلکە لەسەر ئاگرن بۆ چوونە دەرەوەی ئەمریکاییەکان ،کە ئەوان پێیان دەلێن دۆستەکانی کورد، بۆ ئەوەی جەزرەبەی یەکلاکەرەوەی خۆیان لە کورد بوەشێنن کە هەستانەوەی نەبێت. بەلگەش بۆ ئەمە: هەرچی شتێك کە لەدەستووردایە دەربارەی ئاسایی کردنەوەی کورد و عەرەب، بەتایبەت سەبارەت بە ناوچە کێشە لەسەرەکان ، بەبیانووی جۆراوجۆر، دوادەخەن بۆ کاتێکی تر.

بەلام سەبارەت بە شیعەش ئەوا گشت مەبەستێکیان بۆ ئەوەیە کە هەلێکی زێڕینیان بۆ دروست بێت‌و لەدەستی نەدەن، بۆ ئەوەی دەسەلات بگرنە دەست، نەبادا مێژوووی ١٩٢١ یان بەسەردا دووبارە بێتەوەو لایەنی بەرامبەر کە سونەن دەسەلات بگرنەدەست‌و بەئارەزووی خۆیان بەکاریبهێنن.

دوومەسەلەی گرنگیش لەئاسۆوە دیارن: یەکەم/ رابوونێکی شیعەگەرا بە ورەیەکی جەماوەریی زۆرەوە کە کەوتۆتە لۆقەو بەهەلپەیە. دووەم/ لەبەرامبەریشدا سستی‌و دوورەپەرێزیی‌و خۆ خستنە پەراوێزەوە لەلایەنی سونەوە بە کوردو عەرەبییەوە، لە ژێر چەندین کاریگەری لەوانەش: خاوەن بیرەکانیان سکولاریزمیان بەلاوە لە گیانی ئایینی باشترە، چونکە جەماوەرەکانیشیان هیچ بایەخ نادەن بە لایەنی ئایینزایی. ئەمەش لە عێراقدا رێگە خۆش دەکات بۆ ئەو لایەنەی دەستی بە ئایینەوە گرتوە، لەکاتێکدا رایەلی ئایینی لەنێوان جەعفەرییەکاندا، بەدەر لە جیاوازی ولات‌و نەتەوەکانیان، لە هەر رایەلەیەکی تر بەهێزترە. شوێنە پیرۆزەکانیشیان، کە بەزۆری دەکەونە عێراقەوە وەك نەجەف‌و کەربەلاو کازمییە، تین‌و تاوی ورەی ئایینییان بەرز دەکاتەوە. لەبەرامبەردا سونە هیچ پەیوەندییەکی راستەقینە کۆیان ناکاتەوە لە راستیدا بونەتە ئاردی ناو دڕك. کەوتونەتە دەم بای ناسیونالیستی‌و شۆڤێنیزم‌و سکۆلاریزمەوە. ئەمەش دیمەنی سونەکانی عێراقە لە ئێستادا. باشترین بەلگەش کە بینیمان موسلّ بوو. زۆرینەی رەهای ئەو شارە سونەن کە دابەش بوون بەسەر

عەرەبو کورددا، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، عەرەبە سونەکان لەدژی کوردی سونە خۆپیشاندانیان سازدا، بەمەش نەتەوەیان خستە پێش ئایینزا( مەزهەبەوە).

هەر لەپێناو راستیو دروستی ئەو پێشبینیەمان لەم توێژینەوەیەدا، ئەمرۆکە١/١/٢٠١٠ ئەم رووداوانە تۆمار دەکەین بۆ پشتڕاست کردنەوەی پێشبینییەکانمان:

أـ دادگای فیدراڵی ئەمریکی گروپێکی پیاوکوژی کۆمپانیایەکی ئاسایش بەناوی( بلاك ۆتەر)ی بێتاوان دەرکرد، ئەو کۆمپانیایە ساڵی ٢٠٠٧ لە ساحەی( نسور) ١٧ هاوڵاتی عێراقی بەبیانووی پڕوپوچ کوشت. نارەزاییو تورەیی عێراقیەکان هیچ سودێکی نەبوو. ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە لەکاتی جێبەجێکردنی رێکەوتنەکەدا بەتەنها قسەی ئەمریکاییەکانو لێکدانەوەیان بڕیاری یەکلاکەرەوەیە بۆ رووداوەکان نەك وتەی عێراقییەکانو بەهێزی بەڵگەکانیان.

ب ـ تێبینیش دەکرێت کێشەی کورد وەك خۆی ماوەتەوەو کورد هیچ رۆڵێکی تێدانییە، حکومەتی عێراقیش لە پێکهەڵپژانو تێك هەڵچونەکاندا، پشت بەئەمریکاییەکان دەبەستێت. لەم نێوەدا سوود لە کۆمەکە نهێنییەکانی ئەمریکا وەردەگرێتو بەبەڵێنی وەهمییش، کە هەر بەبادا دەدرێت، کورد ناچار دەکات بە رازی بوون بەوەی کە هەیە. خوالێیخۆش بێت ئەوەی کە وتی: داماوە ئەوەی باوەڕ بە بەڵێنەکانی ئەمریکا دەکات.

ج ـ گەلێك روداوی دیکەیش روویانداوە کە پێشبینیمان کردبوو، پێویست ناکات ئاماژەیان پێبدەین.

لە کۆتاییدا:

١. ئەم رێکەوتنە داهێنراوێك نییە، بەڵکو چەندین رێکەوتن، لە پێش ئەودا هەبوون، بۆیە ئەمیش بەگشتی بەدەرنییە لە لایەنی نەرێنیو ئەرێنی نێوان باڵادەستو ژێردەستەدا.

٢. بەگوێرەی رێساکە: مەسەلەکان دوایی دیاری دەدەن، ئەم رێکەوتنە جێبەجێ بکرێت یان نا ئەوا مانای کۆتایی هاتنی هەژموونی ئەمریکا لەسەر رەوتی بارودۆخەکانی عێراق ناگەیەنێت.

٣. دەستوەردانی نائاشکرای ئەمریکا بەناوی دیموکراسیو مافی مرۆڤو حوکمی عەقڵانیو شتی لەو بابەتە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ باڵادەست دەبێت، تا ئەو کاتەی عێراق مل دەداتو ملکەچ

دەبێت، هەروەك ئەوەی لەولاتانی کەنداودا دەیبینین، کە ئەمریکا لەسایەی ڕێکەوتندا چووە ناوەوەو دواتر کە هاتە دەرەوە هەموو ئەو ولاتانەی کردە پاشکۆی خۆی.

٤. کاریگەریی خراپو باشی ڕێکەوتنەکە لەسەر دۆخی کورد حاشای لێناکرێت، بەلام لایەنە خراپو نەرێنییەکانی زیاترەو کەمتەرخەمیش لەمەدا تەنها سیاسییەکانی کورد بوونو کەسی تر نییە. لەبەرئەوەی ئەوان سەرگەرمن بە کۆکردنەوەی داروپەردوەکانو کاری بێکەلك. وەك چۆن خەریکن ناوی چیا سەرکەشەکانی کوردستان، کە بەخوێنی شەهیدانمان سوورن ، بەهۆی کەنالی ئاسمانی پۆرنۆوە ناشرین دەکەن. ئەو کەنالانەی کە لەرووی سێکسیسەوە هۆلیۆدیشیان تێپەڕاندووە. دەسا کوردان سوێندتان دەدەم بە یەزدان: ئایا دەشێت کۆرەكو نەواخینو زاگرۆس، ئەوانەی داستانی پالەوانێتی کوردییان تێدا ئەنجام درا بەم ناوە سوکانەوە ناوبنرێن.

٥. سەرجەم نامەو بەلگەنامە رەسمییەکانی عێراق، بەپێی دەقی دەستوور بەهەردوو زمانی عەرەبیو کوردی دەنووسرێت. بەلام ڕێکەوتنەکە وەرنەگێردراوەتە سەر کوردی کەچی سەرجەم بەرپرسانیش بە پەرلەمانتارو وەزیرەکانەوە قرو قەپیان لێکرد.

٦. میدیای کوردی، هەر خەریکی شەرە دەنووکی نێوان خۆیان بوونو نەچوون بەلای لایەنە خراپەکانی ڕێکەوتنەکەدا ئەمەش وادەکات لەگەلی کورد کە بێ هیوا بن لەدەسەلاتی چوارەم.

٧. ئەو قسەیە دووپات دەبێتەوە:کە ئەمریکا هەمیشەو لەهەر جێیەك بێت پابەندی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتیو دەیخاتە پێش هەرشتێکی ترەوە، هەربۆیە بەئەنقەست کوردیان پشت گوێ خست.

٨. لێدوانو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیی گەورە بەرپرسانی کورد بەتایبەت ڕۆشنبیرانو خاوەن هزرەکانیان، ئەو دەردەخات کەرێکەوتنەکە پابەندێتی کوردی بەرامبەر بە دەولەتی عێراقی تێدایە. بەلام هیچ پابەندییەکی بەرامبەر کورد تێدانییەو بگرە ئاماژەی ئاشکرایشی تێدایە لە دژی کورد، وك پێشتر روونمان کردەوە.

٩. ئێمە وەك عێراقی: بەدلسۆزییەوە ئامۆژگاری سیاسەتمەدارانی عێراقو فەرمانڕەواکانیان دەکەین کە دەستبەرداری تێڕوانینی بەرتەسکی حیزبییو گروپیی قێزەون بنو مل بدەن بە دۆخی راستەقینە، هەروەکو لەیەکەمین دەستووری کۆمارییداهات: ( عەرەبو کورد هاوبەرژەوەندن لەم ولاتەدا) کەوایە پابەند بوون بەم راستییەوە بە باوەڕی قول، نەك بە خۆ دزینەوەو فێل کردنو تاکتیك بەکارهێنان، عێراق رزگار دەکات لەسەرجەم گرفتەکانی. بە پێچەوانەیشەوە، وەك دەردەکەوێت، مەسەلەکە وردەوردە ئالۆزتر دەبێت.